# له به هاری ئه م ساڵه دا

خالید شه یدا

هانۆ ڤه ر ..27/09/05

له به هاری ئه م ساڵه دا
زۆری لێپارامه وه
له په نجه رەی شیعره کانم
ماچی ی بکه م
خه مه سه ر هه ڵداوه کانی دڵم
فه رامۆشکه م
که چی سه ر شێتانه
دەرگای ماچی ی لێداخستم
نازانم بۆ
ڕق و کینه ی لێ هه ڵگرتم
له به هاری ئه م ساڵه دا
حه زم دەکرد
له ووشه ی شیعره کانم
چه پکێ گوڵت
بۆ بنێرم
نازانم بۆ
ڕۆیشتی
ئه م هه وارەت
لێ چۆل کردم

له به هاری ئه م ساڵه دا

حه زم ده‌کرد

له کوێستانی شیعره کانم

کۆچت هه ڵده‌ی

هه تا هه موو شه وان

له په رێزی شیعره کانم

ژوان بگرین

به ماچ حه زه کانت

تێر که ی

له به هاری ئه م ساڵه دا

من و تۆ له یه ك

جه سته توابو ینه وه

هه موو شه وانیش

وه کوو خه ون

مێوانت بووم

زۆر تامه زرۆیی

ژوانت بووم

ماچی ی

شه و و ڕۆژانت بووم

عه شقی چاوه کانت بووم

ده‌ست له مل و حه یرانت بووم

به‌س   ئه‌وه‌نده

دڵت   ته‌نگ   نه‌کردبام

تا  له‌م   غه‌ریبیه

نه‌مردبام